# پرسیارەکانی قۆناغی یەك/وانەی میسۆپۆتامیا.

پ١ : /ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە ووشەی گونجاو پربکەرەوە.

١-سەردەمی پێش مێژوو بریتیە لە __________.

٢-نوسینی مسماری کۆنترین وەسیلەی تۆمارکردنە خەلکی ووڵاتی _____دایان هێناوە.

٣-گردی_______:بەدووری ١١کم لە باشوری سامرایە گردێکی بچوکە ٣-٤ م بەرزە شێوە هێلکەییە.

٤- گرنگترین ئەو شوێنانەی کە پاشماوەی چاخی بەردینی نوێ تێدا دۆزراوەتەوە لەعیراق بریتیە لە ______________.

پ٢ : /تایبە تمەندییەکانی چاخی بەردینی کانزایی چین روونیان بکەرەوە .

پ٣ : /هۆی ئەمانەی خوارەوە شی بکەرەوە.

١-هۆکاری هاتنی گەشتیارە بیانیەکان بۆ عیراقی کۆن؟

٢-بۆچی بەچاخی بەردینی ناوەراست دەووترێ چاخی میکرۆلیتی؟

پ٤ / بەشە سروشتیەکانی عیراق چین بیان ژمێرە.

پ٥ / سەرچاوەکان بۆ زانینی مێژووی عیراقی کۆن چین بیان ژمێرە؟ باسی دووانیان بکە؟

پ٦ /رێکخستنی کاری بازرگانی دەرەکی وەپارێزگاری کردنی رێگا بازرگانیەکان پێویستی بەچەند شتێك هەیە روونی بکەرەوە؟

پ٧ / -ئەو بیرو رایانە چین دەربارەی ماناو بنەرەتی ناوی عیراق ووتراوە ؟

پ٨/نیشتەجێ بوون لە نزیك رووباری دیجلەو فورات هەندێ مەترسی دروست دەکرد لەسەر ژیانی خەلك ،بۆزاڵ بوون لەسەرئەم مەترسیە دەبوایە چی بکری؟سودەکەشی چی بوو؟

پ٩/بۆچی ووڵاتی نێوان دووروبار لانەی چەندین نەتەوەی جیاوازبوە؟

پ١٠٠/ :-باسی شیکردنەوەی نوسینی مسماری بکە.

پ١١/ ژینگەی عیراقی کۆن هەژاربووە لەهەندێ کەرستە ی پێویست بۆبنیات نانی شارستانیەتی ئەمەروون بکەرەوە.

پ١٢/ بەناوبانگترین رێگای بازرگانیە کانی عیراقی کۆن چین بیان ژمێرە

پ١٣/ چاخی بەردینی کانزایی لە عیراق دەکرێتە چەند قۆناغێکی جیاواز؟تەنها قۆناغەکان بژمێرە.

پ١٤/ تایبە تمەندیەکانی ماوەی عوبێد چین باسیان بکە؟

پ١٥/ پێناسەی سەردەمی بنەماڵەکان بکە؟ بۆچی بەوناوەش لێنراوە؟

پ١٦/ لیستی پادشاکان و بنەماڵە دەسەلاتدارەکان چیە؟ باسی چی دەکاتن بە نمونە روونی بکەرەوە.

پ١٧/جیاوازی نێوان چاخی بەردینی کۆن و نوێ چیە روون بکەرەوە.

پ١٨/ گۆرستانی پاشاکان( المقبرە ملکیە چیە باسی بکە.

پ١٩/ دوو شێوە سەرچاوە هەن بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی کاری سەربازی لە سەردەمی بنەماڵەکان ئەویش؟

پ٢٠/ ژیانی سیاسی لەسەردەمی بنەماڵە کاندا چۆن بوە؟